# نەخێر، هەتاوەکو ئەوەی دووەم چێژ لە شیرینیەکەی وەربگرێت هەرووەکو چۆن ئەوەی یەکەم چێژی وەرگرت

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک سێ جار خێزانەکەی تەڵاقدا، پیاوێکی تر هاوسەرگیری لەگەڵدا کرد، پاشان (پیاوی دووەم) تەڵاقی دا پێش ئەوەی بیگوازێتەوە (لەگەڵیدا جووت بێت)، پیاوی یەکەم ویستی دووبارە هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات، پرسیار لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرا سەبارەت بە ئەمە، ئەویش فەرمووی: «نەخێر، هەتاوەکو ئەوەی دووەم چێژ لە شیرینیەکەی وەربگرێت (جیماعی لەگەڵدا بکات) هەرووەکو چۆن ئەوەی یەکەم چێژی وەرگرت».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

خێزانی ڕوفاعەی قورەزی هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆئەوەی سکاڵا بکات سەبارەت بە حاڵی خۆی، ویپێی ووت کە ئەو خێزانی ڕوفاعە بووە، وسێ جار تەڵاقی داوە، ئەمیش وا دەکات تەڵاقەکە پوچەڵ نەبێتەوە، وهاوسەرگیری کردووە لەگەڵ عبد الرحمان کوڕی زەبیر؛ نەیتوانی جیماعی لەگەڵدا بکات (بەهۆی هەر هۆکارێکەوە بێت چونکە لێرەدا باس نەکراوە)، ئەویش تەڵاقی دا، مێردی یەکەم (ڕوفاعە) ویستی دیسانەوە هاوسەرگیری لەگەڵدا بدات، وپرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد سەبارەت بە ئەمە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێیکرد وقەدەغەی کرد کە هاوسەری یەکەم دیسانەوە هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات، ویپێی ووت دەبێت بۆئەوەی حەڵاڵ بێت بۆ (ڕوفاعە) دەبێت مێردی دووەم جیماعی لەگەڵدا بکات، پاشان ئەگەر مێردی دووەم بە ویستی خۆی تەڵاقی دا؛ ئینجا حەڵاڵ دەبێت بۆ مێردی یەکەم.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58078